Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان Adult Disability Paymen جێگەی بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی Personal Independence Payment دەگرێتەوە لە سکۆتلەند

**ئایا چ شتێک ڕوودەدات؟**

لە سکۆتلەند، بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی (PIP) دەگۆڕرێت بۆ بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان. خزمەتخوازەکان بڕە پارەکان لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند وەردەگرن و هیچی دیکە لەگەڵ بەشی کارو خانەنشینی (DWP) نابن. ئەو خزمەتخوازانەی کە ئێستا بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی وەردەگرن پێویست ناکات داوا بۆ بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان پێشکەش بکەن و جارێکی تر هەڵسەنگاندیان بۆ ئەنجام نادرێتەوە. بەخشینەکانیان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەگوێزرێنەوە.

**ئایا خەڵک دەتوانن بڕیار بدەن لەگەڵ بەشی کار و خانەنشینی بمێننەوە؟**

خەڵک ناتوانن ئەوە هەڵبژێرن کە بەخشینەکەیان لەگەڵ بەشی کار و خانەنشینی بمێنێتەوە. هەندێک دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی دیاریکراو، وەک ئەمە، دەگوێزرێنەوە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند وەک بەشێک لە ڕاسپاردنی دەسەڵات بە سکۆتلەند.

**ئایا ئەوە کاریگەری لەسەر بڕە پارەکان دادەنێت؟**

ئەوە کاریگەری لەسەر بڕی ئەو پارەیە دانانێت کە خەڵک وەری دەگرن. خەڵک هەموویان هەمان بڕ وەردەگرن، بە هەمان بڕی ئەو پارەیەی کە ئێستا وەری دەگرن.

**ئایا کاتەکانی گواستنەوەکە چۆن دانراون؟**

ئێمە لە کۆتایی مانگی هەشتی 2022 دا دەستمان کردووە بە گواستنەوەی بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسیی خەڵک بۆ بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان. هیوادارین هەتا کۆتایی 2025 گواستنەوەی هەموو کەیسەکانی دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی کەمئەندامی تەواو بکەین.

**خەڵک چۆن دەزانن کە بەخشینەکەیان گوێزراوەتەوە؟**

ئێمە پێشوەخت نامە بۆ خەڵک دەنێرین بۆئەوەی پێیان بڵێین کەی گۆڕانکارییەکە ڕوو دەدات و جارێکی تریش دوای ئەوەی کە گواستنەوەکە تەواو دەبێت. ئەم نامەیە بە خەڵک دەڵێت کەی بەخشینی بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵانی ئەوان دەست پێ دەکات و کەی یەکەم بڕە پارەیان وەردەگرن.

**ئەی چی دەبێت ئەگەر لەماوەی گواستنەوەکەدا هەلومەرجی ژیانی کەسیک گۆڕانکاری بەسەردا بێت؟**

ئەگەر بەر لە بەدەستگەیشتنی پشتڕاستکردنەوە کە بەخشینەکەیان گوێزراوەتەوە بۆلای ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند هەر گۆڕانکارییەک ڕوویدا، ئەو کەسە دەبێت بە زووترین کاتی گونجاو پەیوەندی بە بەشی کار و خانەنشینییەوە بکات لەڕێگەی تەلەفونکردنەوە بۆ تەلەفونی بێ بەرامبەری 4600 121 0800.

**ئەی گرێبەستی بەکرێگرتنی ئۆتومبێلی کەمئەندامی چی بەسەر دێت؟**

ئەگەر تۆ ئۆتومبێلێکی کەمئەندامیت هەیە چونکە تۆ ڕێژەی بەهێزکراوی پێکهاتەی توانای جوڵەیی بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی (PIP) وەردەگریت، کاتێک کە دەگوێزیتەوە بۆ بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان دەتوانیت ئۆتومبێلەکە لەلای خۆت بهێڵیتەوە. تەنها بەشێک لە پێکهاتەی توانای بزووتن بۆ گرێبەستی بەکرێگرتنەکە بەکار دێت، کەسەکان باقی دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـەکەیان هەر دەدرێتێ.

**ئەی چی دەبێت ئەگەر کەسەکە نەخۆشیی کوشندەی هەبێت؟**

ئەو خزمەتخوازانەی کە نەخۆشیی کوشندەیان هەیە بۆ گواستنەوە دەخرێنە پێش هەموو کەسێکی ترەوە. ئەو خزمەتخوازانەی کە نەخۆسیی کوشندەیان هەیە و تەمەنیان لە تەمەنی خانەنشینیی کەمترە و بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان وەردەگرن بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی شیاون بۆ بەخشینی بەهێزکراو بۆ ژیانی ڕۆژانە و بەخشینی بەهێزکراو بۆ توانای بزووتن. ئەگەر ئەو کەسە لە سەرو تەمەنی خانەنشینی دەوڵەتەوە بێت کاتێک کە بەخشینی بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵانی ئەو دەست پێ دەکات، ئەو هەمان ڕێژەی توانای بزووتن وەردەگرێت کە بۆ بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی PIP وەری گرتووە. ئێمە پێداچوونەوە بۆ بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵانی ئەو ناکەین، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە ئەو داوا لە ئێمە بکات. ڕێساکانمان سەبارەت بەوەی کە کێ دەتوانێت بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان وەربگرێت بەگوێرەی ڕێسا تایبەتەکان لەوانەی بەشی کار و خانەنشینی جیاوازن.

**ئایا دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـە پەیوەندیدارەکان چییان بەسەر دێت؟**

گواستنەوەکە کاریگەری لەسەر شایستەیی بۆ دەستگیرۆیی (بەنەفێت) و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان دانانێت. کەسەکان دەبێت بەو دەزگایانە بڵێن کە دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـە پەیوەندیدارەکانیان بەڕێوە دەبەن کە بەخشینەکەیان گوێزراوەتەوە.

**ئەی ئەگەر کەسێک لە پێداچوونەوە بۆ بەخشینی بەشی کار و خانەنشینی خۆی نزیک بێت؟**

کەسەکان بەر لە کۆتاییهاتنی بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی ئەوان دەگوێزرێنەوە بۆ بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان و بەو جۆرە ئەوە کاریگەری لەسەر بڕە پارەکانیان دانانێت.

ئەگەر کەسێک گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی خۆیدا هەواڵ بدات، ئەوە دەستکردن بە گواستنەوەکە دەخاتە کار. ئەوەش بۆئەوەیە کە پێداچوونەوەیەکی بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسییان لەلایەن بەشی کار و خانەنشینییەوە بۆ ئەنجام نەدرێت. لەبری ئەوە ئێمە پێداچوونەوە بۆ بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵانی ئەو دەکەین.

گواستنەوەکە لەو ڕێکەوتەدا دەست پێ دەکات کە بەشی کار و خانەنشینی دەبوایە دەستی بکردایە بە پێداچوونەوەی بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی ئەوان. ئەگەر خزمەتخوازێک بەخشینێکی بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی هەبێت کە ڕێکەوتی پێداچوونەوەی لەسەر نەبێت، گواستنەوەکە 6 مانگ بەر لەو ڕێکەوتە دەست پێ دەکات کە دانراوە بۆ کۆتایی بەخشینی بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی ئەو کەسە. ئەگەر خزمەتخوازێک گۆڕانکارییەک هەواڵ نەدات و پێداچوونەوەیەکی چاوەڕوانکراوی نەبێت، کەیسەکەی لەڕێگەی پرۆسەی ڕێکخراوی ئێمەوە هەڵدەبژێردرێت بۆ گواستنەوە. ئەوانەی کە ڕێکەوتی پێداچوونەوەکانیان زۆر دوورترە لە داهاتوودا یەکەمجار هەڵدەبژێردرێن.

**ڕێنمایی بێلایەن**

خەڵک دەتوانن لەکاتی گواستنەوە یان دواتردا ڕێنمایی بێلایەن بەدەست بهێنن. ئەوان دەتوانن هەوڵی بەدەستهێنانی ڕێنمایی بدەن لەڕێگەی قسەکردنەوە لەگەڵ ستیزنس ئەدڤایس Citizens Advice سکۆتلەند یان لەڕێگەی قسەکردنەوە لەگەڵ ڕێکخراوێکی تر کە لە ڕابوردوودا پشتگیریی کردوون.

ئەوان هەروەها دەتوانن پەیوەندی بە خزمەتگوزاری داکۆکیکاری بێلایەنەوە بکەن کە لەلایەن ڤۆیس ئەبیلێتی VoiceAbility ـەوە فەراهەم دەکرێت لەڕێگەی تەلەفونکردنەوە بۆ **0300 303 1660** یان لەڕێگەی ناردنی ئیمەیڵەوە بۆ **SocialSecurityAdvocacy@voiceability.org**.

ئەوان دەتوانن زانیاری زیاتریان دەستگیر ببێت دەربارەی پرۆسەی گواستنەوەکە لەڕێگەی چوونە سەر **mygov.scot/benefit-transfer** یان دەتوانن تەلەفون بکەن بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند بە ژمارە **0800 182 2222** .

خەڵکێکی زۆر خەمی تێچووی ژیانیانە. تۆ بەتەنها نیت. بۆئەوەی بزانیت تۆ دەشێت بۆ چ یارمەتییەک شیاو بیت، تکایە سەردانی ئێرە بکە **gov.scot/costoflivingsupport** یان سەردانی ستیزن ئەدڤایس Citizens Advice Bureau بیرۆی ناوچەکەت بکە.

**خەڵک چۆن دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن؟**

بەبێ بەرامبەر تەلەفۆنمان بۆ بکە: 0800 182 2222

خزمەتگوزاری ناردنی نامە: 18001 +0300 244 4000 (بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

بەکارهێنەرانی زمانی ئاماژەی بەریتانی: contactscotland-bsl.org

وێبچات: chat.socialsecurity.gov.scot



فۆلۆی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند بکەSocial Security Scotland